ماکرۆن: فەرەنسا پشت لە کورد ناکات کە شەڕی دژی گرووپە تووندئاژۆکان لە سووریا دەکەن



سەرۆکی فەرەنسا دەڵێت: فەرەنسا پشت لە جەنگاوەرانی ئازادیی وەکو کورد ناکات کە شەڕی دژی گرووپە تووندئاژۆکان لە سووریا دەکەن.

ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا ئەمڕۆ دووشەممە لە وتەیەکیدا بە دیپلۆماتکاران و باڵیۆزەکانی وڵاتەکەی رایگەیاند: "نابێت ساویلکانە بڕوانینە گەلانی رۆژهەڵاتی سووریا".

سەرۆکی فەرەنسا شەفانانی کوردی لە رۆژئاوای کوردستانی بە "جەنگاوەرانی ئازادی" ناو برد و دەڵێت: فەرەنسا پشت لە جەنگاوەرانی ئازادیی وەکو کورد ناکات کە شەڕی دژی گرووپە تووندئاژۆکان لە سووریا دەکەن.